حەکیم بە ئامانجگرتنی ژمارەیەك بارەگا لە سنووری عێراق و سوریا لەلایەن ئەمریکاوە شەرمەزار کرد

سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی سەید عەمار حەکیم بە ئامانجگرتنی ژمارەیەك بارەگا لە سنووری عێراق و سوریا لەلایەن ئەمریکاوە شەرمەزار کرد.

سەید حەکیم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس رایگەیاند: سەردانەکەی ڕەجەبی ئەمساڵ لە هەلومەرجێکی نائاسایی ڕوودەدات کە عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، لەنێویاندا بە ئامانجگرتنی ئەمریکا بۆ ژمارەیەك بارەگا لەسەرسنووری عێراق و سوریا، هاوبەش لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نائاساییەی لە غەززەدا روودەدات،ناوبراو ئیدانەکردنی ئەم کارانەی کە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە تێکدەدەن دەربڕی.